# دەوڵەتی کوردیی

## دەبێ هەمیشە پڕۆژەیەکی زیندوو بێت لە بەرنامە و کارو  شێوەکانی خەباتی نەتەوەی کورد دا و ،
## هەموو  خۆ بە خاوەنی بزانین و ، بۆ هێنانەدی تێبکۆشین

**شەڕی ئەمریکا و ئینگلیز دژی رژێمی خوێنڕێژی سەددام روخاندنی ئەو رژێمە شەرئەنگێزە دژ بە مرۆڤایەتییە  بارودۆخێکی نوێی لە سەرجەمی رۆژهەلاتی ناوین و نزیکدا هێناوەتە ئاراوە . بەپێی ئەو بارودۆخە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەر یەکەیان بە شێوەیەک پێشبینیی چارەنووس و داهاتووی خۆی دەکات و بە ترس و ، گومان و ، دڵەڕاوکێوە دەڕوانێتە ئەو گۆرانکارییانەی کە ستراتیجیی " رێکخستنەوەی نوێ  " ی ناوچەکە  لەلایەن ئەمریکاوە  دەیهێنێتە گۆڕێ.**

1. **رژێمی مەلاکانی ئێران ترسی ئەوەی لێنیشتووە کە ببێتە دووەم نیشانی هێرشی ئەمریکا، چۆنکە ئەمریکا بە ئاشکرا ئەو رژێمە لەگەڵ رژێمی سەددام و کۆریا ی باکوور لەیەک بەرەدا دادەنێت و بە میحوەری شەڕی دەزانێت، لەبەر ئەوە گومانی لە هەموو گەلانی ئێران هەیە بەتایبەتیی لە کورد و بەسەرچاوەی تەنگوچەڵەمە و کێشەیان دادەنێت. ئەو رژێمە ئامادە نییە دان بە خواستی رەوای گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێراندا بنێت و ماف و کێشە رەواکانیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات و بەو شێوەیە پێش لەو مەترسییانە بگرێت کە بەرەورووی دێن. هەرچەندە هەتا ئێستە درێغی نەکردووە لە تیرۆرکردن و زیندانییکردن و هەموو کارێکی نامرۆڤانە بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ، پێدەچێت کە هێرشەکانی ئەو رژێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا دژی هەموو پارت و کۆڕ وکۆمەڵ و کەسایەتییە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دژوارتر بین و گێچەڵێکی زۆریش لە رێی کلک و سیخوڕەکانیەوە بۆ باشووری کوردستان بنێتەوە، چۆنکە زەندەقی لە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کورد و ئەمریکا چووە و ، بە مەترسییەکی گەورەی پێشبینیی دەکات بۆ سەر داهاتوو و چارەنووسی رژێمەکەی .**
2. **رژێمی سووریای بەعسیی رە گەزپەرست کە داهێنەری پشتێنی عەرەبییە و دان بە بوونی نەتەوەی کورددا نانێت ، خۆی بە قارەمانی " بەرگرییکردن لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی عەرەب " دادەنێت ، لەلایەن ئەمریکا و رۆژئاواوە تۆمەتی پشتگیرییکردنی تیرۆریزمی ئەدرێتە پاڵ و ، بەوەش تاوانباردەکرێت شەوبین (دووربینێک کە بە شەو ببینێت) هەروەها شتومەکی دیکەی سەربازیی ناردبێت بۆ رژێمی بەعسی بەغدا و پشتگیریی لێکردبێت و ، بوویێتە پێگەیەک بۆ شاردنەوەی  "سەران " ی هەڵاتوو ی رژێمی بەعسی رووخاو ، بە هەمان شێوە زەندەقی چووە، پێشبینیی ئەوە ئەکات، کە نیشانی داهاتووی لەشکری ئەمریکا بێت و ، گۆڕانکاریی بیگرێتەوە .**
3. **رژێمی رەگەزپەرستی بەعسی عێراق هەموو رەفتارێکی نامرۆڤانەی گرتەبەر بۆ لەناوبردنێ نەتەوەی کورد  .**
4. **رژێمی رەگەزپەرستی کەمالیستیی ترک هەتا ئێستە خۆی بە جەندرمەی ژمارە یەکی ئەمریکا و رۆژئاوا دادەنا ، پێی وابوو کە هەموو گۆڕانکارییەکان لە دەبەرەکەدا دەبێ بە خواست و ، لە بەرژەوەندیی ئەو بن . بەجارێک لەسەر چەندیین پەت یاریی دەکرد ؛ لەلایەکەوە خۆی بە دۆستی " ئەمریکا و ئیسرائیل " نیشاندەدا ، لەلایەکی ترەوە زوڕنای لایەنگریی " ئیسلام و عەرەب " ی لێدەدا، لەلایەکی ترەوە خۆی لەو ولاتە ئەورووپاییانە نزیک دەکردەوە کە ئەیانویست بە هەر شێوەیەک بێت نەهێڵن شەڕ رووبدات و رژێمی سەددام بمێنێتەوە ، چۆنکە بەرژەوەندییان لە مانەوەیدا هەبوو وەک : ئەڵمانیا ، فەڕەنسا و رووسیا. لەهەمانکاتیشدا دەیویست بازرگانیی بەمەسەلەکەوە بکات و لە هەموو لایەک بکێشێتەوە ، بەتایبەتیی لە ئەمریکا . ئەو رژێمە خەونی بە وەدەستهێنانەوەی " ولایەتی موسڵ " ەوە دەبینی ، پێی وابوو دەتوانێت لە سایەی ئەم شەڕەدا رەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگێرێتەوە ، جگە لەوەی کە سەرچاوەکانی نەوتی باشووری کوردستان داگیردەکات ، هەموو دەستکەوتەکانی دوای راپەڕینیش دەسڕێتەوە سیاسەتی چەپەڵی بەترککردن لە باشووری کوردستانیش بەڕێوە دەبات و کورد ناهێڵێت . ئەو رژێمە  پێی وابوو کە ئەمریکا بە**



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003  Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

تەنیا  شەڕی عێراقی پێناکرێت ؛ ئەگەر لەشکری ترک بە هانایەوە نەیەت ، ئەمریکا ئەو شەڕەی پێناکرێت ئەگەر ترک ڕێگەی باکووری لێبگرێت . کەوتە ئەوەی بییەوێت مەرجەکانی بەسەر ئەمریکا دا بسەپێنێت. بانگەشەی هەرە سەرەکی ئەوەبوو کە دەیەوێت بۆخۆی "باکووری عێراق " داگیر بکات ، چۆنکە بەو کارە " بەرژەوەندیی نەتەوەیی ترک " دەپارێزێت و ، ڕێگە لە درووستکردنی " دەوڵەتی کوردیی " دەگرێت و ، دێت بە هانای کەمایەتی ترکمانەوە و هەروەها داوای هەزاران ملیۆن دۆلاری دەکرد و دەیویست ئەمریکا دادۆشێت هەتا ئەو جێیەی پێیدەکرێت.

ڕژێمی ترک بەو هەڵوێستە زیانێکی زۆری بە ئەمریکا گەیاند ، هەرچەند خۆی بە هاوپەیمانی دادەنێت :

لە رووی سەربازییەوە نەیهێشت ئەمریکا لەکاتی پێویستدا ئامادەکاریی سەربازیی خۆی تەواو بکات و بەرەی باکووری بەغدا بکاتەوە ، ئەگەر چی ئامادەکارییەکی زۆری بۆ کرابوو . ئەمریکای دەستخەڕۆ کردوو کاتێکی زۆری پێ بە فیڕۆ دا و بەو هەڵوێستە خۆی لە بەرەی بەرهەڵستکارانی ئەمریکا نزیکخستەوە و ئەمریکای ناچارکرد کە هێزەکانی بەرەو دەریای ناوەڕاست بکێشێتەوە و ، لەکاتی پێویستدا نەتوانێت ئەو هێزانە بەکاربهێنێت.

لەرووی دیپلۆماسیی و سیاسییەوە لوتی ئەمریکای شکاند و رووشکێنی کرد. ئەمریکایەک کە  پتر لە 50 ساڵە لە هەموو بارەیەکەوە پشتگری ڕژێمی ترکە و یارمەتیی دارایی و ئابووریی و سەربازیی دەداتێ و ، هۆکاری بەهێزبوونی ئەو ڕژێمەیە . ئەو ڕژێمەی کە جگە لە ئازەربایجان دۆستایەتیی لەگەڵ هێچ کامێک لەگەلانی دراوسێیدا نییەو بە داگێرکەرو کۆمەڵکوژ دەناسرێت لەلایەن کورد و ، ئەرمەنی و ،بولغاریی و ، یۆنانیی وعەرەبەوە.

ڕژێمی ترک پێیوابوو کە ئەمریکا لە شەڕی دژی "ڕژێمی سەددام " دا زیانی گیانیی زۆری لێدەکەوێت و ، کۆمەڵگەی ئەمریکایی ئەو زیانە گیانییە گەورەیەی پێ قبوڵ ناکرێت  ، لەبەر ئەو هۆیە ئەمریکا لە کۆتاییدا هەر ناچاردەبێت پەنا بۆ " سوپای بەهێزی ترک " بهێنێتەوە و ئەو دەمە ئەوان دەتوانن خواستی خۆیان بسەپێنن ، چۆنکە هەر زۆر باوەڕیان بە فشەی سەددام و قەوارەی سوپا فشوفۆڵەکەی هەبوو . پێیان وابوو ڕژێمی سەددام دەتوانێت ماوەیەکی زۆر بەرامبەر سوپای ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکان خۆی رابگرێت.

خۆشبەختانە هەموو " بۆچوون و نوخشانە " کانی ڕژێمی ترک و ، داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان و ، دۆستەکانی ڕژێمی بەعس نەهاتنە دی . ئەو ڕژێمەی کە سوپا دڕندەکەی بە پشتیوانیی تانک و ، تۆپ و ، فڕۆکە و ، ناپاڵم و ، فۆسفۆڕ هێرشی ئەکردە سەر  خەڵکی سیڤیلی کوردستان و ، بە دیلی ئەگرتن و ، ئەنفالی ئەکردن و گوندەکانی ئەسوتاندن . ئەو ڕژێمە بەعسییەی کە کە سوپا قارەمانەکەی لە شەڕی کوەیت پۆستاڵی سەربازی ئەمریکاییان ماچ کرد و سوپاسگوزاری خۆبەدەستەوەدان بوون ، لەم شەڕەشدا کامێرای هەواڵنێرە جیهانییەکان پیشانیان دا کە چۆن پانتۆڵەکانیان دائەکەنن و ، فڕێیئەدەن و ، بە رووت و قووتی و ، بێشەرمانە  سەری دۆڕاویان شۆڕئەکەن و لە گۆرەپانی شەڕ هەڵدێن ، بەرگەی نەگرت و ، دۆڕا  و ، رووخا و ، لەبەرچاو گوم بوو .

لەلایەکی دیکەوە ڕژێمی ترک زەندەقی لە نەتەوەی کورد چووە، لێکۆڵەران پێشبینیی ئەوە ئەکەن کە گەشەی دیمۆگرافیی لە ناو ترکیا دا لە بەرژەوەندیی کوردە ، کورد زۆرتر منداڵیان دەبێت لە ترک و بەوشێوەیە ڕێژەیان زۆر دەبێت و، خۆ ئەگەر گەلانی دیکەش وەک عەرەب و لاز و ئەرمەنی ....هتد هەستی نەتەوەییان بەرز ببێتەوە و داوای مافی خۆیان بکەن  ئەوا ئەوان دۆڕاوون ، چۆنکە دەبنە کەمایەتی لەناو گەلانی ترکیا دا.

سەرانی ڕژێمی ترک بێشەرمانە دەبێژن : کە ئەوان دژی درووستبوونی دەوڵەتی کوردیین لە (باکووری عێراق ) باشووری کوردستان وبە هەموو شێوەیەک بەرەنگاری دەبنەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان دەپارێزن. جگە لەوەی کە دژی " بوون و مانەوە "  ی نەتەوەی کوردن ، رەگەزپەرستیی خۆشیان بەئاشکرا دردەخەن و ترکمان دەکەنە هۆ و ، بانگەشەی پاراستنی ترکمان دەکەن لەگەڵ ئەوەدا لەسەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ئەمڕۆ خۆیان بە خاوەنی ترکمان نەزانیوە نەیانویستووە ترکمان لە ڕژێمی عێراق بپارێزن.



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003  Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

پێویسته لەسەر دیپلۆمات و سیاسەتمەداری کورد لە هەموو بۆنەیەکدا و ، لە هەر چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکدا کە لەگەڵ ئەمریکاییەکان و هاوپەیمانەکانی دیکە دەیکەن ، وەبیریان بهێننەوە کە رژێمی ترک دۆستی راستەقینەی ئەوان نییە و لە کاتی پێویستدا پشتی پێ نابەسترێت.

⇦ دەوڵەتی کورد زەندەقی هەموو داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەتیی رژێمی ترک ی بردووە لەبەر کۆمەڵێک هۆی بنەرەتیی بۆ وێنە :

بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەپاندنی بوونی نەتەوەی کوردە و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانیەتی لە هەموو روویەکەوە وەکو وڵات و زمان و کولتوور و...هتد. ئەو تایبەتمەندییانەی کە پتر لە هەشتا ساڵە سیستەمی کەمالیزمی ترک ئینکاریی لێدەکات ، بەو شێوەیە بۆ هەموو جیهان دەردەکەوێت کە رژێمی ترک رژێمێکی رەگەزپەرست و درۆزنە ، و کە نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستانیش بۆی هەیە داوای مافی چارەنووسی خۆی بکات.

رژێمی ترک پێی وایە گەورەترین مەترسیی بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ئە رژێمە دەوڵەتی کوردە لە هەر بەشێکی کوردستان دا و بۆ ئەو مەبەستەش پێشبینیی چەندین سیناریۆی جۆربەجۆر دەکات بۆ وێنە :

- ئەگەر باشووری کوردستان دەوڵەت بێت، دەتوانێت رۆژێک لە رۆژان داوا ی باکووری کوردستان بکاتەوە و لە سەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی کێشە بۆ رژێمی ترک درووست بکات . رژێمی ترک دەخوازێت ببێتە ئەندامی جڤاتی ئەورووپایی ، ئەو جڤاتەش رژێمی ترکی ناچار کردووە کە دان بە هەندێک مافی رەوای نەتەوەی کورد دا بنێت و لە هەموو روویەکی یاسایی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە بە پێی پێوەرەکانی جڤاتی ئەورووپایی کار بکات . ئەگەر لە داهاتوودا گەلی کورد لەباکووری کوردستان لە رێگەی " گەلپرسیی " وە داوای یەکگرتنەوە بکات لەگەڵ باشووری کوردستان و بۆ ئەو مەبەستەش پەنا بۆ دەزگاکانی جڤاتی ئەورووپایی بەرێت ئەوا رژێمی ترک لە دوو لاوە دەکەوێتە کێشەوە ، لەلایەکەوە لەگەڵ کورد و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ جڤاتی ئەورووپایی .
- ئەگەر کورد لە باشووری کوردستان ببێتە خاوەن دەوڵەت و سامانەکەی - وەک : نەوت و ئاو و کانزا کانی تر - بکەوێتەوە دەست خۆی ئەوا دەوڵەتێکی بەهێز دەبێت ، خۆ ئەگەر دۆستی ئەمریکا بێت ئەوا ئەمریکا پتر سوود لەکوردستان وەردەگرێت چونکە کوردستان لە بواری ئابووریدا بەهێز دەبێت پێویستیی بە کۆمەکی دارایی ئابوریی ئەمریکا نابێت ، ئیتر ترک ناتوانن چی دی ئەمریکا دادۆش و لە رووی ستراتیجییەوە ئەو گرنگییەیان نامێنێت بۆی و زۆر زیانیان لێدەکەوێت ، بۆیە راستەوخۆ هەرەشەی داگیرکردنی کەرکووک دەکەن و بە هۆکاری درووستبوونی دەوڵەتی کوردیی دادەنێن . هەر بۆیەش لەگەڵ رەگەزپەرستانی عەرەب و فارس دا یەکدەگرنەوە و باسی درووستبوونی " ئیسرائیلێکی نوێ " دەکەن کە هەرەشە لە بەرژەوەندیی نەتەوەییان دەکات .
- دەوڵەتی کوردی لە باشووری - ، یان لە سەر هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان ، دەبێتە مەشخەڵێکی پێشکەوتن بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو روویەکەوە کە بە داگیرکەران ناکووژێتەوە ، دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی لە بواری دیپلۆماسی و سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریدا و دەبێتە سەکۆیەک بۆ دەرخستنی وێست و خواستەکانی لە سەر سەکۆ و ، لەناو دەزگا نێودەوڵەتییەکاندا ، بۆیە داگیرکەران و بەتایبەتیی داگیرکەری ترک دەیانەوێت رێگە لە درووستبوونی بگرن.

**داگیرکەرانی کوردستان هەردەم بە ئاشکرا دەبێژن کە : دەیانەوێت بە رێگرتن لە درووستبوونی دەوڵەتی کورد بەرگریی لە " بەرژەوەندیی نەتەوەییی " خۆیان بکەن .**

**بێگومان بەرژەوەندیی نەتەوەییی نەتەوەی کورد پێچەوانەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی داگریرکەرانی کوردستانە و بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەتی کورد .**

بانگەشەی ئەمریکا بۆ رێکخستنەوەی نوێ ی جیهان ، و رێکخستنەوەی نوێ ی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەراست ، و دابینکردنی دیمۆکراتیی ، فریشکی هەموو داگیرکەرەکانی کوردستانی خستووە ، هەر یەکەیان بەشێوەیەک و بە هۆیەکەوە لە داهاتووی خۆی ئەترسێت وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد . ئەو داگیرکەرانەی کە هەتا رابووردوویەکی نزیک هەر هەموویان دۆستی ئینگلیز و



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

ئەمریکا بوون و بەهۆی پشتگیریی و یارمەتی ئەوانەوە خۆیان سەپاند بەسەر کوردستاندا ، تەنانەت رژێمی ترکیش کە هەتا ئەمڕۆ ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ئەوانە ، لە ئینگلیز و ئەمریکا ئەترسن . بە پێچەوانەوەی ئەوانەوە ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە هەموو جیهاندا دەتوانێت سەربەرزانە ببێژێت کە وڵاتەکەی داگیرکراوە و هەموو مافێکی لێزەوتکراوە و ڕەچاوکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد پێوەرە بۆ راستیی و درووستیی هەر گۆرانکارییەک کە لە ناوچەکەدا بێتە گۆڕێ.

بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی کوردیی لە باشووری کوردستان پەیوەندیی راستەوخۆیان بەم شەڕە و بارو دۆخەوە هەیە و دەبێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارییە مێژوویییە گەورەیەدا بن کە ئەم قۆناغە نوێیە هێناویەتیە دی و ، سوور بن لەسەر " داخوازییە رەواکان " ی نەتەوەی کور د و بەرژەوەندی نەتەوەیی . ئەرکی سەر شانی هەموو پارت و ، کۆڕ و کۆمەڵ و ، تاکێکی کوردە ، لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ، هەر شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە کە پشتگیریی لێبکەن .

ئەمە هەڵیکی زۆر لەبارە کە هاتووەتە کایەوە بۆ نەتەوەی کورد ، و نابێت بە فیرۆ بدرێت ، دەکرێت بە باروو دۆخی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم بچوێنرێت. بۆ ئەوەی پێشبینیی رووداوەکان بکەین و هەڵوێستی راست وەرگرین بەرامبەریان ، دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین :

- رژێمی عێراق و رژێمە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونیانەوە هەتا ئەمڕۆ بەردەوام دوژمنایەتی نەتەوەی کوردیان کردووە و بۆ بندەست کردن و کۆیلەیەتیی و نەمانی تێکۆشاون و ، ئەو کار و هەڵوێستە دڕندانەیەیان هەردەم بە " پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی " خۆیان ناو دەبەن .
- ئەوانەی کە پێیان دەگوترێت موعارەزە – بەرهەڵستکار – بۆ نموونە موعارەزەی عێراقی ، تەنانەت لەو کاتەشدا کە لاکەوتەن و هیچیان بەدەست نییە ئامادە نین دان بە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد دا بنێن .
- هەرچەند نەتەوەی کورد بەشی هەرە زۆری ئیسلامە خەبات و قوربانیی زۆری لە پیناوی ئەو دینە پیرۆزەدا داوە ، بەڵام گەلانی دراوسێ ئەو دینە پیرۆزەیان بۆ سەرکوتکردنی بەکار هێناوە و لە کاتی تەنگانەدا نەک هەر نەهاتوون بە دەنگییەوە بەڵکوو دوژمنیشی بوون .
- دەیان ساڵ زۆربەی زۆری پارتەکانی کوردستان " لاف و گەزاف " ی کۆمۆنیزم و چەپایەتییان لێدا ، پێش ئەوەی داوای مافی زەتکراوی کورد بکەن خەباتیان بۆ بە دیمۆکراتییکردنی ئەو رژێمە داگیرکەرانە دەکرد . نە بەو کارە توانییان چەوساوەی گەلانی سەردەست بکەنە هاوکاری خۆیان و شتێک بۆ کورد وەدەست بهێنن ، نە " بەرەی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم " یش بوو بە هاوکار و پشت و پەنایان.
- دەسەڵاتی کوردیی لە باشووری کوردستان بوو بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بەشێک لە شەڕەکە ،لێرەدا مەبەست لە هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵوێستە نییە بەڵکوو مەبەست لە یەکێک لە ئەنجامەکانیەتی کە : گەلە سەردەستەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەتا هەتایە دوژمنایەتییان دژی نەتەوەی کورد بەهێزتر دەکەن و وەکو " تاوانبار و خیانەتکار " سەیری دەکەن بەو هۆیەوە . بەلایانەوە گرنگ نییە کە هەموو سەرانی عەرەب هاوکاریی ئەمریکا ئەکەن ؛ جا چ لە ترسان بێت یان چ لە برسان ، رژێمی ترک ئەوە هیچ پێویست بە باس ناکات و رژێمی ئێرانیش لە ژێرەوە بە پێی پێویست لەگەڵ ئەمریکا هاوکاریی ئەکات وەکو ؛ کێشە ئێران – کۆنترا لە سەرەتای هەشتاکانی سەتەی رابوردوو دا ( بە پێی ڕێکەوتنێکی نهێنی نێوان ئەمریکا و ئێران رژێمی جمهوری ئیسلامی چەکی ئەنارد بۆ کۆنترای نیکاراگوا لەسەر خواستی ئەمریکا ) ، گیرانی مەلا کرێکار و شەڕی ئەفغانستان ئەوەیان زۆر بە باشی دەرخست.

لەبەر ئەوە نەتەوەی کوردیش دەبێ بە پلەی یەکەم " بەرژەوەندیی نەتەوەیی " خۆی لە بەرچاو بگرێت و بە هیچ شێوەیەک ، لە رووی هیچ وڵات و پارت و کۆڕ و کۆمەڵ و تەوژمێکدا دانەمێنێت و لە سەر مافی رەوای خۆی سوور بێت و بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆی تێبکۆشێت.



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

شەڕی نێوان ئەمریکا و عێراق لە 19\ 3 \ 2003 وە دەستی پێکرد و،ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ  سەرەونگوون کرا . هێزی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕەکەیان نەکرد بۆ  رزگارکردنی شارەکانی عێراق ، بەلأم چالاکانە هاوکاریی رزگارکردنی دەبەرە داگیرکراوەکان و بەعەرەبکراوەکانی کوردستانیان کرد بە  "' کەرکووک و مۆسڵ " پشەوە و ، هەردوو حکومەتەکەی باشووری کوردستان کاراترین هاوپەیمانی ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکانن لە ناوچەکەدا و ، ئەم بارودۆخە نوێیە کۆمەڵێک ئەگەر و پرسیار دێنێتە ئاراوە  کە لە ڕۆشناییانەوە دەبێ پشبینیی و خۆئامادەکاریی بۆ  ڕووداوەکان بکرێت و هەڵوێستیان لەسەر وەربگیرێت. کە هەندێکیان بریتین لە مانەیٚ خوارەوە :

- ئەگەر دەسەڵاتی نوێیٚ عێراق بە کۆنە بەعسی و ئەنفالکەر و دوژمنانی نەتەوەی کورد پڕکرایەوە و ، ئەوانەش ئامادە نەبوون دان بە " فیدرالیزم " دا بنێن و ، بیخەنە دەنگدانەوە و، ئەنجامەکەی دژی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد بێت ، ئایا ئەو دەمە هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانان چۆن دەبێت و پەرلەمان و هەردوو حکومەتەکەی باشووری کوردستان چ هەنگاوێک دەنێن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد ؟
- ئەگەر حکوومەتی نوێ ی عێراق ئامادە نەبوو سیمای دیمۆگرافیی کەرکووک و دەبەرە بە عەرەبکراوەکان ئاسایی بکاتەوە و بە هۆی بیانووی جۆربەجۆرەوە عەرەبەکان لەو ناوچانە بهێڵێتەوە ، هەڵوێستی  ئەمریکا و ئینگلیز چۆن دەبێت و، ئایا پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتەکانی هەرێم چ ئامادەکارییەکیان بۆ ئەو مەبەستە کردووە ؟
- ئەگەر مەلاکانی شیعە توانییان دەسەڵاتێکی ئایینی بسەپێنن بەسەر عێراقدا و بەرژەوەندییان لەگەڵ ناسیۆنالیستو کۆمۆنیستە عەرەبەکاندا یەکی گرتەوە و ئامادە نەبوون دان بە خواستە ڕەواکانی کوردا بنێن و عێراقێکی فیدەراڵیی دابمەزرێنن ، ئایا هاوپەیمانەکان پشتی کورد ئەگرن بۆ سەپاندنی خواستەکانی ؟
- ئەگەر دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق  دەستی پێکرد ؛ لەلایەکەوە ئێران خۆ بکاتە دەمراستی شیعە و ، لە لایەکی ترەوە ڕەگەزپەرستانی عەرەب کەوتنە یارمەتیدانی کۆنەبەعسیی بۆ ڕێکخستنەوە و سەرهەڵدانەوەیان  و ڕژێمی ترک کەوتە ئاژاوەنانەوەو یارمەتییدانی  ترکمان و ، هەموویان پێکەوە کەوتنە دوژمنایەتییکردنی کورد و ئەمانە هەمووی بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی نوێ و ناچارکردنی ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکان بە کشانەوە لە عێراق  بێ ئەوەی توانیبێتیان دەوڵەتێکی نوێ ی دیمۆکراتیی فیدراڵیی سەقامگیر بکەن، ئایا ئەو سیناریۆیانە لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا باسکراوە و ، ئامادەن پشتگیریی کورد بکەن کە جیا ببێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ئاشکرا بکات ، یاخود پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکوومەتەکەی هەرێم چ خۆئامادەکارییەکیان بۆ ئەو بارودۆخە کردووە ؟

لەژێر ڕۆشنایی ئەو هەموو پرسیار و ئەگەر و مەترسییانەدا کە ڕووبەڕووی کورد لە باشووری کوردستان و ، نەتەوەی کورد بەگشتیی ، دەبنەوە ، دێینەوە سەر ناوەڕۆکی باسەکە کە بریتییە لە بەشدارییکردنی شەڕ و هاوکاریی کردنی ئەمریکا و ئینگلیز هاوپەیمانان وئەو پرسیارە سەرەکییانەی کە چارەنووسی کوردیان پێوە بەندە ، وەک :

**گەلۆ دەبێ ئەو هاوکارییە مەترسییدارە بە خۆڕایی بێت ؟ یان دەبێت تەرخانبکرێت بۆ پەیداکردنی پشتگیریی و سەپاندن و بەدەستهێنان و چەسپاندنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد ، کە لە دروستکردن و دامەزراندنی  دەوڵەتی کورد دا خۆیدەبینێتەوە و ، چۆن دەکریٚ هەموو تواناکان بخەینە کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجە؟**

پێش ئەوەی ئەو ئەگەر و پرسیارانە بتوێژینەوە دەبێ هەڵوێستی هێندێک ولآت و گەل و هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرامبەریاندا بگرینە بەر چاو بۆئەوەی وەک وانەیەک سوودی لێوەربگرین و باشتر لە مەسەلەکە بگەین:

- ڕژێمی میسر لە ساڵی 1975 بەدوواوەوە دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ ڕژێمی سەددام پەیدا کرد و ، چەندین ملیۆن کرێکاری ناردە عێراق کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەستبەکار بوون تەنانەت بووبوون بە جاشی جاشە



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003  Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

کوردەکانیش هەروەها بازرگانێکی " شەڕ " ی زۆر کارا بوو لە سەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا و بە رۆژانە هەزاران " تەن " چەک و تەقەمەنیی بە رژێمی عێراق دەفرۆشت . کە شەری کوەیت دەستی پێکرد بایدایەوە و پشتی ئەمریکای گرت و (پێم وایە) فەوجێک سەربازی ناردە عەرەبستانی سعودی بۆ " بەناو " بەشدارییکردنی شەڕەکە و هاتنە ناو بەرەی هاوپەیمانانەوە . بەو هۆیەوە ئەمریکا لە هەشت ملیارد دۆلار ( واتە : هەشت هەزار ملیۆن دۆلار ) قەرزی خۆی لە " میسر " خۆشبوو ، بە پێی ئاژانسەکان ئەم شەڕەشیان بۆ رژێمی میسر دوو ملیارد دۆلاری بە ناوچاوانەوەیە . **ئەی کە هەزاران پێشمەرگەی کورد شانبەشانی ئەمریکا ئەچنە شەڕەوە ئەبێ کورد چ داخوازییەکی هەبێت لە ئەمریکا ؟**

- رژێمی گورگەبۆری ترک ، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، چەندیین ساڵە دەستندەخۆری ئەمریکایە و هەموو جۆرە یارمەتییەکی لێوەردەگرێت و خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندیی ئەمریکا و رۆژئاوا دەزانێت . بەڵام لەم شەڕەی ئەمریکا و عێراق دا داوای پتر لە 30 ملیارد دۆلار یارمەتیی ئابوریی و رێگە پێدانی بۆ داگیرکردنی کەرکووک و موسڵ و چەککردنی پێشمەرگە ی کرد بە تەنێ بۆ رێگەدان بە ئەمریکا بۆ کردنەوەی بەرەی شەڕ لە رێگەی ترکیا وە نەک بۆ بەشدارییکردنی ترک لە شەڕەکەدا شان بەشانی هاوپەیمانەکان ، هەروەها هەردەم داوای پشتگریی ئەمریکا دەکات بۆ بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەی ئەوروپایی دا .
- رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لەپێش رێکەوتنی ئۆسلۆ لەگەڵ ئیسرائیل و لە دوای رێکەوتنەکەش هەتا ئەمڕۆ بەردەوام لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین سوور بووە ، تەنانەت لەکاتێکیشدا کە بەقەدەر جێ مووشینێک لە خاکی " فەلەستین " یان بە دەستەوە نەبووە و یان لەو کاتەشدا کە ئیسرائیل ژوور بە ژوور خەریکی روخاندنی باڵاخانەی سەرۆکایەتیی بوو بەسەر سەرۆکی فەلەستین یاسر عەرەفات دا هەر لەسەر داوای خۆیان سوور بوون و پاشگەز نەبوونەوە لە گەڵ ئەوەشدا کە عەرەب پتر لە بیست دەوڵەتیان هەیە . هەر چەندە ' شارۆن ' سەرسەختترین دوژمنی دروستبوونی " دەوڵەتی فەلەستین " ە و ئەمریکا دۆست و پارێزەری " دەوڵەتی ئیسرائیل " ە ، **بەڵام جۆرج دەبلیو بوش ی سەرۆکی ئەمریکا بەڵێنی بە فەلەستینیەکان دا ، کە ئەوانیش بۆیان هەیە دەوڵەتی خۆیان درووست بکەن .**
- لە دوای رمانی رژێمی سۆڤیەت و کۆتایی شەڕی کوەیت واتە دوای 1991 جموجۆڵ کەوتە ناو دەوڵەتی یۆغۆسلاڤیا ی پێشووەوە. هەرچەندە زۆبەی گەلانی ئەو وڵاتە حکومەتی فیدارڵیی خۆیان و وڵاتێکی ئاوەدانیان هەبوو ( وەکو کرواتییەکان و سلۆڤانییەکان بۆسنەییەکان ) ، شەڕێکی خوێناویی و ماڵکاولکەریان کرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و بەدەستیشیان هێنا . بەڵام کورد لە باشووری کوردستان خاوەنی پتر لە 5000 شار و گوندی رووخاو و سەدان هەزار شەهیدی کیمیاباران و ئەنفال و کۆڕەو بوو ، لەبرێتی ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کورد ئەو هەلە بقۆزنەوە و بۆ دروستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد تێبکۆشن ، شانۆگەریی " ماچ " یان لەبەغدا بەرێوەبردو وتوووێژێکی بێکەڵک و حەیابەرەیان لەگەڵ ئەو رژێمە خوێنرێژە کرد و دواتریش دەستیان کرد بە شەڕە کورد.
- ئەوەی سەرە واوێکی لە سکدا بێت ، لە دۆست و نادۆست ، دەبیژێ : کۆرد نابێت بەهیچ ، کورد دەسکەڵای دەستی ئەم و ئەوە ، کورد وەرەقەیە بەکارئەهێنرێت ، کورد خەونی نییە ، کورد داهاتووی خۆی نابینێت ، کورد بێهوودە قوربانیی ئەدات و بەرهەمی قوربانییەکەی بۆخۆی نییە...هتد.

**<u>گەلۆ ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەو قسانە کارمان تێبکات و ئێمەش بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان تێبکۆشین و خەبات بۆ درووستکردنی دەوڵەتی خۆمان بکەین ؟</u>**

**سەرنجێک لەوخاڵانەی سەرەوە ئەوەمان پێشان دەدات کە : ئەو وڵاتانەی یارمەتی ئەمریکا یان داوە یان دەیدن ، دەستکەوتێکی زۆر لەهەموو روویەکەوە بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن .**



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

ئەو گەلانەی کە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی تێکۆشان وەکو : گەلانی کرواتی و ، سلۆڤانی و ، بۆسنەیی سەربەخۆیی خۆییان بەدەستهێنا . گەلی " فەلەستین " یش لە لایەن سەرۆکی ئەمریکاوە بەڵێنی پێدراوە کە دەبێتە خاوەن دەوڵەت .

ئەوجا با بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە دەبێ داوای چ پاداشتێک لە ئەمریکا هاوپەیمانان بکرێت لەبریێتیی ئەو هاوکارییە مەترسییدارە ؟چۆن دەبێت ئەو هاوکارییە تەرخانبکرێت بۆ : پەیداکردنی پشتگیریی و، سەپاندن و، بەدەستهێنان و ، چەسپاندنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد کە لە درووستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد دا خۆیدەبینێتەوە ؟

1. پێشەکی ئەبێ ئەوە بزانین کە ئەمریکا و هەموو دەوڵەتان لەسەر بنەما و ، لە رۆشنایی بەرژەوەندیی خۆیانەوە هەڵسوکەوت و پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتان و ، گەلان و ، کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتییەکاندا دەکەن ، وەک دەبێژرێت : " دۆستیان نییە ، دوژمنیان نییە ، بەرژەوەندییان هەیە " . ئەمریکا و ئینگلیز چەند ساڵێک لەمەوبەر پشتگری هەموو داگیرکەرانی کوردستان بوون ، ئێستا هاوپەیمانی حکوومەتەکانی هەرێمن لە باشوور . دەبێ پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکوومەتەکەی هەرێمیش ئەو خاڵە لەبەرچاو بگرن لە پەیوەندییەکانیاندا بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن ، چۆنکە ئەوانیش دەوڵەتی " ئەمری واقیع " ن واتە لەسەر زەویی و لە راستییدا و لەناو جەماوەردا و ، لەسەر خاکی کوردستان هەن ، لە کۆمەڵێک وڵاتی گرنگی جیهان نووسینگە و نوێنەریان هەیە .لەم کاتەدا گرنگ نییە لە بوواریی نێودەوڵەتییدا بەڕەسمی ناسرابن یان نەناسرابن . واتە دەبێ لەسەر بنەماو لە رۆشنایی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوپەیمانەکان و ، دۆست و ، دوژمن و ، بارودۆخەکەدا بکەن . دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەتا راپەرینە مێژووییەکەی ساڵی 1991 درگای چالاکی دیپلۆماسیی لە کورد داخرابوو ، بە دەگمەن رێدەکەوت پەلەمانتارێک ، دیپلۆماتێک یاخود لایەنێکی رەسمی وڵاتێکی ئەورووپایی یان ئەمریکایی بە ئاشکرا ئامادە بێت لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی کوردا دانیشێت و ووتووێژ بکات ، چۆنکە دەبووە هۆی درووستبوونی کێشە لە نێوان ئەوان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و " بەرژەوەندیی " یان ئەکەوتە مەترسییەوە . تاکە رێگای پەیوەندیی و گفتوگۆی سیاسەتمەدارانی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بە دەسگا جاسوسییەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا تێدەپەڕی . ئەمرۆ کە ئەم هەلە مێژوییە هاتۆتە ئاراوە دەبێ پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکوومەتەکەی هەرێم هێمنانە زۆر زۆر چالاک بن و سوود لە توانای خۆیان و ، سیاسەتمەدار و بیریار و زانستکار و...هتد ، لە کورد و دۆستی کورد ، وەربگرن و کارای بکەن بۆ هێنانەکایەی پرۆژەی جۆربەجۆر لە دروستکردنی دەوڵەتەوە هەتا پێکهێنانی سیستێمی فیدراڵیی و بەدەستهێنانی ماف لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و پەیوەندییەکانیان و چالاکییەکانیان بەرفراوانتر و بەهێزتر بکەن. دەبێ بەر پرسیاران و سیاسەتمەداران و دیپلۆماتی کوردی باشوور ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیماناندا هەیانە بەزووترین کات لەو روانگەیەوە بخەنە گەڕ و کات لە دەست نەدەن .

بەرژەوەندیی نەتەتەوەیی کورد ئەوە نییە کە لایەنێک ، کۆڕێک ، کۆمەڵێک داوای کۆمەکی دارایی و ئابووریی لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکە بۆخۆی و دەبەرەکەی بندەستی بکات ، بەڵکو تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی و بەدیهێنانی مافی چارەنووس کە لە درووستکردنی دەوڵەتی کورد دا خۆی دەبینێتەوە. دەبێ لە ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی دیکە بگەیەنرێت کە پشتگیریی کردنێ مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد و مانەوەو و پارستن و بەهێزکردنی نەتەوەی کورد لەبەرژەوەندیی ئەواندایە بە پلەی یەکەم. بۆ ئەو مەبەستەش ئەبێ ئەو هەنگاوانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن و ئەنجام بدرێن:

- پێویستە لەم کاتەدا پەرلەمانی کوردستان و هەرددو حکوومەتەکەی هەرێم بە زووترین کات وتوێژی دیپلۆماسیی نهێنی لەگەڵ دەزگا پەیوەندییدارەکانی ئەمریکاو ئینگلیز بکەن و باسی هەموو



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

ئەو ئەگەرانە بکەن کە داهاتووی عێراق و کوردستان و ناوچەکەیان پێوە بەندە ( لە لاپەڕە 4 ئاماژەم بە هێدێکیان کرد ) ، هەروەها ئامادەیی خۆیان دەرببڕن بۆ ڕێگەدان بە مانەوەی ئەمریکا و ئینگلیز لە کوردستان ئەگەر ئامادە بن ڕێگا بە باشووری کوردستان بدەن ببێتە دەوڵەت . ئەبێ ئەوەش لە ئەمریکا و ئێنگلیز بگەیەنرێت کە ئەو هەنگاوە لە بەرژەوەندیی ئەوان ئەبێت ، چۆنکە کوردستان پێویستی بە کۆمەکی دارایی و ئابوریی ئەمریکا و ئینگلیز نابێت وەک ترکیا و ئیسرائیل و گەلێک وڵاتی دیکە ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت سامانە سرووشتییەکانی بکەوێتە دەست خۆی. هەروەها پێویستە باسی ئەو هێرشە ئیعلامییە دوژمنانەیە بکرێت کە لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتە عەرەبییەکان و ترکیا و ئێرانەوە دەکرێتە سەر ئەمریکا و ئینگلیز و کورد ئەوجا هاوپەیمانەکانی تر ، و چۆنییەتیی بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانە لەلایەن میدیای ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکانەوە ، و هەروها دەبێ باسی زیانەکانی هەڵوێستی لایەنگرانەی هەندێک لەو وڵاتانە لە ڕژێمی سەددام بکرێت لەگەڵیاندا ؛ بۆ وێنە هەڵوێستی ڕژێمی ترک. پێویستە لەم کاتەدا پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکوومەتەکەی هەرێم دوژمنایەتیی گەلان و وڵاتانی ناوچەکە بۆ ئەمریکا و ئنگلیز بە زەقی بخەنە پێش چاوی بەرپرسیارانی ئەو وڵاتانە و پێیان بڵێن : ئەگەر ئەوان پشتگیریی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد بکەن و بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانە و دیمۆکاسییانەی کێشەی کورد لەگەڵ هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەنگاو بنێن ، ئەوا پشتگیریی و خۆشەویستیی و هاوکاریی پتر لە 40 ملیۆن کورد بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن ، جگە لەوەی کە ئەکرێت ئەم کارە بە هەنگاوێک بۆ ڕێکخستنەوەو بە دیمۆکراتیی کردنی ناوچەکە دابنرێت. سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرا دانی نا بەوەدا کە فەلستینی مافی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان هەیە . ئەگەر بەو شێوەیەش دان بە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورددا بنێت ، پاداشتێکی چاک و سەرکەوتنێکی دیپلۆماسیی گەورە ئەبێت بۆ کورد . پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکوومەتەکەی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیی لەگەڵ دەزگا پەیوەدییدارەکانی ئەمریکا و ئینگلیز بکەن و ئەو داوایە بگەیەننە سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا .

- پێویستە لەم کاتەدا پەرلەمانی کوردستان و هەرددو حکوومەتەکەی هەرێم ببنە " پارێزەر " بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و ، بە زووترین کات پێوەندیی بە کۆنگرێسی ئەمریکا و پەرلەمانی بەریتانیا و بەرپرسیارە گەورەکانی ئەو دوو وڵاتەوە بکەن و ، دانووساندنی نهێنییان لەگەڵدا بکەن و ، داوای پاداشت بۆ نەتەوەی کورد بکەن بە هۆی بەشدارییکردنییەوە لەم جەنگەدا دژی ڕژێمی سەددام . ئەو " پاداشت " ەش دەبێ بریتیی بێت لە دان نان بەوەدا کە : " نەتەوەی کورد " یش وەکو هەمو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بۆی هەیە چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست خۆی و لە کات و شوێنی گونجاو دا و بە هۆی " گەلپرسیی " وە بڕیاری درووستکردن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بدات و ، هەروەها دەستبەکاربوون بۆ چارەسەریکی ئاشتییانەو دیمۆکراتییانەی کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان . دەبێ پەرلەمانی کوردستان تێبکۆشێت کە کێشەێ کورد بخرێتە سەر خشتەی کاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی ئەوروپا و هەموو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دیکە . پێویستە سیاسەتمەدارانی کورد لە باشووری کوردستان ئەوە باش بزانن کە گوشاری سیاسیی و دیپلۆماسی توند بۆسەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە لایەن ئەمریکا و ئەورووپا و وڵاتانی دیکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گوشار لەسەر باشووری کوردستان ، بۆیە پێویستە ئەو ئەرکە هەرگیز پشتگوێ نەخەن ، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی دیکەوە داگیرکەرانی کوردستان



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

هەمیشە ئەو ڕێبازەیان گرتووەتەبەر و پێکەوە کاریان کردووە و سوودیان لە پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی نەهێڵن دەنگی کورد بگاتە نێو ڕێکخراو و سەر سەکۆ نێودەوڵەتییەکان . لەم خاڵەدا ئاماژەم بەوەکرد کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکوومەتەکەی هەرێم "پارێزەر " بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بن ؛ واتە نابێ خۆیان بە " دەمراست و جێگر " ی پارت و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دابنێن ، بەڵکو دەبێ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوانیش بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان و پشتگیریی داخوازییەکان بکەن ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو کێشانەی کە هەتا ئێستا لە نێوانیاندا بووە . بەوکارە دەتوانن ئاشتیی و تەبایی نەتەوەیی بهێننە گۆڕێ.

2. **سیاسەتی نەوت : کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و نەتەوەی کورد خاوەنی سامانێکی مەزنە لە نەوت و ئاو و کانزاکانی تر . بەداخەوە هەتا ئێستە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان و زلهێزەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش سیاسەتێکی " نەوت " ی ئاشکرایان نەبووە و نییە ، نەک هەر سیاسەتی " نەوت "ییان نییە ، بەڵکو بەداخەوە نەیانوێراوە بە ئاشکرا خۆیان بە خاوەنی بزانن .بۆیە پێویستە بە پلەی یەکەم پەرلەمان لە باشووری کوردستان کارابێت و "پسپۆڕ " و شارەزایانی هەموو بوارەکانی پیشەسازیی نەوت لە کورد و دۆستی کورد بخاتە کار و ، زانیاریی تەواو لەسەر هەموو پرۆژە نەوتییەکانی کورسستان و ئیحتیاتیی نەوت بەرهەمی ساڵانەو کۆی دەسکەت و ...هتد بەدست بهێنێت و هەروەها ئەو زانیارییانە لەسەر هەموو پرۆژە نەوتییەکانی عێراقیش کۆبکاتەوە و ، لە گەڵ دەسەڵاتی نوێی بەغدا ، بەگوێرەی قەوارەی نەوتی کوردستان و دانیشتوانی کوردستان ئەو زیانانەی بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ڕژێمە یەک لە دوای یەکە ڕەگەزپەرستەکانی عێراقەوە کە لە کورد کەوتوون ، دانوساندن بکات بەپێی ئەو پێوەرە داوای بەش لەسەرجەمی نەوتی عێراق بکات بۆ هەرێمی کوردستان. دەسەڵاتی کوردیی لەباشووری کوردستان و هەموو هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ نەک هەر سیاسەتی نەوت ، بەڵکو سیاسەتی ئاو و ، هەموو کانزاکانی تریش بگرنە پێش چاو و ، وەک خاڵێکی گرنگی دانوساندن لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆمپانیا جیهانییەکاندا بەکاری بهێنن و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی و کۆمەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.**

3. **سیاسەتی پیشەسازیی : بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکانەوە کەرتی گشتیی پیشەسازیی لەعێراقی داهاتوو دا باوی نەما . هەموو کەرتە گرنگەکانی پیشەسازیی دەبنە کەرتی تایبەت ، بۆیە پێویستە کە دەسەڵاتی کوردیی لە باشووری کوردستان زۆر وریا بێت و ، سوود لەو بارودۆخە وەربگرێت کە لە کووردستاندا هەیە. کوردستان ئازادە و ئارامە و ، هەموو دەزگا حکوومەتییەکان و کەرتی تایبەت بە ئاسانی و بە ئاسایی کاری خۆیان دەکەن و ، ئاسایش سەقامگیرە و هۆکاری پەیوەندیی بە جیهانەوە؛ وەکو تەلەفۆن و ئینتەرنێت گەیشتۆتە هەموو شارەکانی کوردستان . بەغدا و شارەکانی تری عێراق بەلایەنی کەمەوە 5 ساڵیان پێویستە تا دەگەنە ئەو پلەیە لە پێشکەوتن . پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان دەبێ تێبکۆشن سوود لەم هەلە وەربگرن و زەمینە بۆ بە پیشەسازییکردنی کوردستان خۆش بکەن و پرۆژەی پیشەسازیی وا گەورە بهێننە کوردستانەوە کە ژێرخانی ئابووریی کوردستان پتەو بکات بۆ وێنە : کردنەوەی فڕگە لە شارە گەورەکانی کوردستان ، دامەزراندنی کۆمپانیای پیشەسازییە نەوتییەکان لە دەرهێنانەوە هەتا فرۆشتن ، تەکنۆلۆجیای زانیاریی و ، کشتوکاڵیی و.... زۆری دیکەش . پێویستە پشتگیریی سەرمایەی کوردییبکرێت کە بۆ خۆی کارا بێت لەو بوارانە دا ، یاخود لەڕێگای ئەو کەناڵانەی کە پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی لە باشوور لە دەستیاندایە پەیوەندیی بە دەزگا پیشەسازییەکانی ئەورووپاو ئەمریکاوە برێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەش ، بە مەرجێک ئەو پرۆژانە بە پێی پلانێکی ستراتیجیی لە خزمەتی پتەوکردنی پێگەی ئابوریی و بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددا بن .**



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

4. پاراستنی مافی مروڤ : 1. پێویستە پەرلەمانی کوردستان و ، هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتەکانی هەرێم و ، هەموو کۆڕوکۆمەڵە سیاسی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ...هتد. ، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ، هەموو توانا و هەوڵ و تێکۆشانیان بکەنە یەک بۆ گەرانەوەی ماڵباتە کوردە دەرکراوەکان بۆ دەبەرە بە عەرەبکراوەکانییان ، بژاردنی ئەو زیانانەی لێیانکەوتووە ، و گەراندنەوەی ئەو عەرەبانە بۆ شوێنی پیشووی خویان و ئاسایی کرنەوەی باری دیمۆگرافیی ئەو ناوچانە . 2. پێویستە بە هەمانشێوە هەموو تواناکان تەرخان بکرێن بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەنفالکراو و دیلە سیاسییە وونبووەکان و بەسزاگەیاندنی تاوانباران لە هەر شوێنێک بن ،تەنانەت ئەگەر حکوومەتی داهاتووی عێراقیش لێیان ببورێت ، نابێ کورد لێیانببورێت و مافی خاوەنشەهید و ، هەموو ئە کەسانەی کە بە هۆی زیندان و ئەشکنجەوە تووشی زیانی گیانی و ماڵی بوون هەبێت کە تاوانباران بە سزای یاسایی عادیلانە بگەیەنێت و لە دەزگا یاساییەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق کێشیان بکاتە بەردەم دادگا . پێویستە لە سەر پەرلەمان و دەسەڵاتی هەریم و کۆمەڵگەی کورد پشتیان بگرێت . 3. پێویستە کە پەرلەمانی کوردستان تۆمارگەیەک – سجیلێک – ی ڕەش بکاتەوە و ناو و وێنەی هەموو ئەو تاوانکارانەی تێدا تۆمار بکات کە لە سەرتای شۆڕسی ئەیلولەوە هەتا ئەمرۆ تاوانیان بەرامبەر خەڵکی کوردستان کردووە و ، ڕێگەیان پێنەدرێت بە هیچ شێوەیەک لە کوردستان نیشتەجێ ببن و کاری سیاسیی و سەربازیی و مەدەنی و بازرگانیی..هتد. بگرنە دەست و ، بە کەسانی ڕووڕەش و تاوانبار ناودێر بکرێن و ، کێشبکرێنە بەردەم دادگا . ئەو تۆمارگەیە دەبێ ساڵانە نوێ بکرێتەوە و بەسەر هەموو قوتابخانەو زانکۆ و دەزگا حکوومی و ناحکوومیەکاندا و بەناو جەماوەردا بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەمووکەسێک بیانناسێت مێژوو لە بیریان نەکات . 4 . پێویستە پاراستنی مافی مرۆڤ گرنگی و پیرۆزیی تایبەتی پێبدرێت و هەر حکوومەت و ،کەس و ، کۆڕوکۆمەڵێک پیشێلی بکات دەبێ کێش بکرێتە بەردەم دادگا و ، سزابدرێت و رسوا بکرێت .

5. خەباتی جەماووەریی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات : پێویستە دەسەڵاتی کوردیی و هەموو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جۆراجۆرەکان گرنگییەکی گەورە بدەن بە خەباتی جەماوەریی و پشتگیریی لێبکەن و ڕێنمایی چالاکییەکانی بکەن بۆ پشتگیرییکردنی داخوازیەکانی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە . دەکرێ بڵێین کە لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەماوەی دانزە ساڵی ڕابووردوودا ئەو لایەنەی خەباتیان لە هەندەران بە تەواوی پشتگوێ خستبوو ، هەرچەندە زۆر پێویست بوو ، وە زۆر پێویستە کە جڤاتی کوردیی لە تاراوگە هەردەم چالاک بێت و بە خۆپیشاندان و سیمینار ڕێکخستن و نووسین و ...هتد. رای گشتیی لە بارودۆخی کودستان ئاگادار بکات داخوازیی چارەسەری کێشەکان بکات و لایەنگر و هاوکار و لۆبیی بۆ کورد درووست بکات . بۆ وێنە : لە هەموو ساڵی 2002 دا ( من ئاگام لێبێت ) لە ئەڵمانیا تەنیا کوردەکانی شاری هانۆڤەر لە مانگی ئۆکتۆبەر دا خۆپیشاندانێکیان کرد لە ژێر ناونیشانی " ئەوەی ئاشتی دەوێ ، دەبی دژی ڕژێمی سەددامیش بێت " ، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرجار کورد بە شەرخواز دەدرایە قەڵەم و زۆر پێویست بوو جڤاتی کوردیی بێتە سەر جادەو باسی درندایەتیی ڕژێمی بەعسی فاشیی گۆڕبەگۆڕ بکات هەروەها هاوکات لە گەڵ هەڕەشەکانی ڕژێمی گورگەبۆری ترک بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان لە ساڵی 2003 دا هەندێک چالاکیی و خۆپیشاندان سازکران بەڵام زلهێزێکی باشوور ئامادە نەبوو بە ئاشکرا خۆی لەو چالاکییانە نزیک بکاتەوە . بەڵێ دەکرێ بڵێین کە پارتەکانی باشوور لە ساڵانی ڕابوردوودا بە یادکردنەوەی " بۆنە " کانی خۆیانەوە ،لەناو خۆیاندا و، بۆخۆیان خەریکبوون . پارتەکان خاوەنی ڕێکخستنن؛ پێویستە لەسەریان هانی ئەندام و لایەنگرەکانیان بدەن نەتەوەییانە بیربکەنەوە و هەردەم چالاک بن بۆ پشتگیرییکردنی داخوزییە ڕەواکانی نەتەوەکەیان و پەردە لە سەر تاوانی داگیرکەران بەرامبەر نەتەوەی کورد هەڵماڵن .

6. ڕێکەوتنێکی سیاسی نەتەوەیی گشتیی : پێویستە لەسەر هەموو هێزە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان . کە بە نهێنی کۆبوونەوەیەکی گشتی پێکەوە بکەن و ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن و ، هەڵوێست و هەنگاوەکانیان بکەنە



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten

**یەک بۆ بەرەوڕوو بوونەوە و ڕێکخستنی خەباتی ئەم قۆناغە نوێیە ، کە پتر بریتییە لە خەباتی دیپلۆماسی و سیاسیی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی . پێویستە لە سەریان کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن پێکەوە خەبات بکەن بۆ بە بەدەستهێنانی هەرچی زۆرترە لە دەستکەوت بۆ نەتەوەی کورد بە هۆی سیستێمی نوێی جیهانی و ڕێکخستنەوەی نوێی ناوچەکەوە . ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەموویان کێشەی ناوخۆیی فرەچەشنیان هەیە و،لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی لاوازن و ، ناوبانگی باشییان نییە . پێویستە لەسەر هەموو پارت و ، کۆڕکۆمەڵانی هەموو پارچەکانی کوردستان سوود لەو لاوازییە وەربگرن و ، خەباتی دیپلۆماسیی و ، سیاسیی و ، جەماوەریی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پەرە پێبدەن و گوشار بخەنە سەر ئەو ڕژێمانە کە مل بە گۆرانکاریی بدەن . بە تایبەتیی لە تاراوگە پێویستە لەڕێی خۆپیشندانی یاسایی و ، مانگرتن و ، داواکارییەوە سەرنجی دەوڵەتان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد رابکێشن . لایەنی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێ بیروبۆچوونی خۆیان گەڵاڵە بکەن و ، بە کۆمەڵ پرۆژەی جیا جیا ی ئامادەکراویان هەبێت بۆ دانووساندن کە تایبەتمەندیی پارچەکانی کوردستان بگرێتە خۆ و ، بەپێی هەلومەرج و توانای سەپاندنیان بخرێنە بەر چاو . ئەو پرۆژانەش دەبێ لەلایەن پسپۆڕانی ڕامیاریی و یاسایی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ...هتد . ئامادە کرابن .**
ڕێکەوت بووە کە لایەنی کوردیی لە باشووری کوردستان نوێنەری ناردووە بۆ وتوێژ لەگەڵ ڕژێم . بەڵام ئەو نوێنەرانە جگە لە هەندێ زانیاریی گشتی و داواکاریی ، هیچ شتێکی دیکەیان لەبەر دەستدا نەبووە کە پشتی پێببەستن بۆ گفتوگۆ و ، ناچار بوون پشت بەو زانیاریانە ببەستن کە ڕژێم خستویەتییە بەر دەستیان – ئەو هەڵەیە نابێ دووپات ببێتەوە – .

**لەم قۆناغە مێژووییە گرنگە دا ئەرکی هەموو پارت و ، کۆروکۆمەڵ و ، تاکێکی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان کە لە چاویلکە ی " ئایدیۆلۆجیی و دۆگما " وە نەڕواننە روداوەکان ، بەڵکو ڕەچاوی " ڕامیاریی گونجاو = ڕێئال پۆلیتیک " بکەن و ، پێویستە لە سەر سیاسەتمەدار و ، زانای ئاینیی و ، خاوەنبیر و هەموو توێژەکانی کۆمەڵ پێکەوە کێشە گرنگەکان دەستنیشان بکەن و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزنەوە و ، پشت بە جەماوەر ببەستن و ڕای بهێنن لە سەر نەریتی دیمۆکراتیانە . یەکبوون هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنە .**

## دەوڵەتی کوردیی

دەبێ هەمیشە پڕۆژەیەکی زیندوو بێت لە بەرنامە و کارو شێوەکانی خەباتی نەتەوەی کورد دا و ،
هەموو خۆ بە خاوەنی بزانین و ، بۆ هێنانەدی تێبکۆشین

**عەبدوڵا چوارتایی**
**ئەڵمانیا ،** 24 \ 4 \ 2003



www.kurdbun.de , www.kurdbun.com , www.kurdbun.net
Copyright © 2002-2003 Kurdbun - Alle Rechte vorbehalten